
# کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی

**وێڕای پەسەندکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی لە پەرلەمانی کوردستان و پلانەکانی حکومەت بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان، تا ئێستا ئەو دیاردەیە کۆنترۆڵ نەکراوە، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی داد بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دووپات دەکاتەوە.**

### دادگاکان لەجێبەجێنەکردنی یاساکە تۆمەتبار دەکرێن

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەکابینەکانی (٥و٦و٧)، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییان خستە بەرنامەی کارەوەو لە پەرلەمانی کوردستانیش یاسای توندوتیژی خێزانی پەسەند کرا، بەڵام ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان نەك کۆنترۆڵ نەکراوە، بەڵکو هەندێك جار بەرزبوونەوەیەکی مەترسیداری هەبووە، لەم ڕاپۆرتەدا بەدوای ڕێکارەکانی چارەسەری ئەو دیاردەیەدا دەگەڕێن. سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە چالاکوانانی مەدەنی دادگاکان لە جێبەجێکردنی یاساکە بە سست و کەمتەرخەم هەژمار دەکەن، تەنانەت وەزیری دادی کوردستانیش نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکات.



**مەحبووبە حوسەینی:**

**کاتێک سەرۆک عەشیرەتێک لەسەرووی یاساوە بڕیار بدات، لەو دۆخەدا ڕێکخراوەکانی ژنان ناتوانن کاری بەرچاو بکەن**

وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان (شێروان حەیدەری)، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، بە پێویستی زانی یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی لە دادگاکان بە جددی جێبەجێ بکرێت و گوتی «هەست دەکرێت ئەم یاسایە لە دادگاکاندا بەسستی جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئێمە کۆبوونەوەی دەوریمان هەیە لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و لە کۆبوونەوەکەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو یاسایە نەمێنێت، هەنگاوی جددیش هەبێت بۆ ئەوەی یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت. هەندێك ڕاسپاردەش هەبوو لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە کە ئەو ڕاسپاردانەش وردە وردە جێبەجێ دەکرێت، یەك لەوانە ئەوە بوو بە پێویست زانرا دادگایەکی تایبەت هەبێت بە مەسەلەی توندوتیژیی، وابزانم ئێستا ئەو دادگایە دانراوە، کە تایبەتە بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەوەها دانانی بنکەیەکی پۆلیسی تایبەت بە توندوتیژی ئافرەتان کە وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار کراوەتەوەو هەنگاوەکانیش بەهەموو لایەکەوە کاری لەسەر دەکرێت، پشتگیرییەکی تەواویش هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە».

### حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئیرادەیەکی بەهێزی هەیە

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەماهەنگییەکی لەگەڵ وەزارەتی داد بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە کردووە، شێروان حەیدەری گوتی «ئیرادەیەکی بەهێز هەیە لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی و لەم دواییەشدا بۆردێکی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی پرسی ژنان هاتەئاراوە، ئەم بۆردەش ئێستا دەست بەکارە، هەروەها لەو کۆبوونەوە هاوبەشانەی نێوان وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری ڕاسپاردەی زۆر باش دراون و ئێستاش لێژنەیەکی بەدواداچوون (متابعە ) یش دامەزراوە کە بە سەرپەرشتی منە و چەند ئەندامێکی کارای تێدایە بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕاسپاردانەی کە لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا بڕیاریان لەسەر دراوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن، دووپاتیشی دەکەمەوە کە جەنابی سەرۆکی حکومەت زۆر گرنگیی بەو مەسەلەیە داوەو هەموو تواناکانیشی خستۆتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە».

ماوەیەکە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، ئەوەش دوای ئەوە هات کە چەندین ڕووداوی تەکاندەر و ئاماری بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرا. چالاکوانانی مەدەنیش هێما بۆ لەمپەرەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەکەن.



وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە هەموو تواناکانی خستۆتەگەڕ، ئێمەش بەدواداچوونی جددی بۆ دەکەین




### توندوتیژیەکان پەروەردەی سیاسەتێکی چەوتن کە نەیتوانیوە تەندروستی هزرییان بۆ بگەڕێنێتەوە

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و میدیاکاری چالاك، تانیا جەمال غەریب، سەبارەت بە هەمان پرس، سەرەتا ئاماژە بە توندوتیژیی دژ بە ژنان و رێگەچارەسەرییەکانی لە ئاستی دنیادا دەکات و دەڵێت «لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە تا ئەمرۆ بەردەوام کار لەسەر پرسی ژن کراوە و تارادەیەکی باش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا توندوتیژی وەك مەترسییەکی گەورە رووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا رێژەی بەرزتری هەیەو، کۆمەڵێك بۆچوون و رەفتاری نادروست و نەشیاوی ناسەردەمییانە بە بەردەوامی هەڕەشە لەگیانی ئافرەتان دەکات».

تانیا جەمال، بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ «تێکەڵبوونی کەلتوورە جیاوازەکان، سروشتی پیاوسالاری، نزمی ئاستی وشیاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی سزای یاسایی» دەگەڕێنێتەوە، هاوکات ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئایین کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان هەبێت .

### ئەوانەی خۆیان بەپارێزەری شەرەفی ژن دەزانن خۆشیان ئەو شەرەفە دەشکێنن

ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییە بەپێویستی دەزانێت، لە پێش هەموو شتێکدا ئاستی رۆشنبیری و وشیاریی تاك بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی بەرز بکرێتەوەو، هاوکات داوا دەکات، دادگا و یاسا لە جێبەجێکردنی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکاندا «شەرمن» نەبێت. تانیا دەڵێت «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن یاخود کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان پێویستە بیر لە هۆکارەکان بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بێ ترس و شەرم هەموو ئەو هۆکارانە بخەینە بەر باس و گفتوگۆوە، بۆ نموونە بابەتی شەرەف کە زۆر بە کەمی دەتوانین لێدوانی لەسەر بدەین، بەڵام زۆر گرنگە بپرسین: ئایا ژنان ناتوانن خۆیان شەرەفی خۆیان بپارێزن؟ ئایا پێویستیان بەوەیە کە یەکێکی دیکە شەرەفیان بپارێزێت؟ ئەوانە کێن کە پارێزەری ئەو شەرەفەن و ژن لە کێ دەپارێزن؟ ئەی خۆیان کێ دەیانپارێزێت و کێ ئاگای لەوان دەبێت؟ تا چەند بمانەوێت دەتوانین جۆرەها پرسیار دروست بکەین، بەڵام گەر بەشێوەی نەعامە پرسیار لەخۆمان بکەین، هەر لە یەك بازنەدا دەخولێینەوە و هەرگیز باسی ئەوە ناکەین کە ئەو پیاوانەی خۆیان بەپارێزەری شەرەفی ژن دەزانن، خۆشیان ئەو شەرەفە دەشکێنن».



تانیا جەمال غەریب:

**پێویستە رەخنەکان راشکاوانە ئاراستەی تاك و یاسادانەران و جێبەجێکارانی یاسا بکرێت**

تانیا جەمال بە پێویستی دەزانێت، « راشکاوانە رەخنەکان ئاراستەی تاك و یاسادانەران و جێبەجێکارانی یاسا بکرێت، چونکە کار بۆ ئەوە نەکراوە کە هەر کەسێك خۆی بڕیاردەر بێت لەسەر چارەنووسی خۆی و بەرپرسیارییەتی ژیانی خۆی هەڵبگرێت»، نیگەرانی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە سیستەمی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان گرنگی بە راهێنانی قوتابی لەسەر مافەکانی مرۆڤ نەداوە، لەوبارەیەوە دەڵێت «ئەو قوتابییە بەشێکی زۆری تەمەنی لە خوێندندا بەسەردەبات.

### پێویستە فشار بخرێتە سەر ئەنجومەنی دادوەری و یاساکە بەپەلە جێبەجێ بکرێت

مەحبووبە حوسەینی، کە بۆ ماوەی ١٩ ساڵ مامۆستا بووەو ئێستا یەکێك لە چالاکانی رێکخراوەی ژنانەو دانیشتووی وڵاتی ئەمریکایە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشەی ژنان بنەڕەتێکی ریشەیی زۆر قووڵی لەکۆمەڵگەی پیاوسالاردا هەیەو، رای وایە «لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا سیستەمی حوکمڕانی بەدەست پیاوە و ژن نەك مافی یەکسانی لەگەڵ پیاو نییە، بەڵکو بە پلە دوو سەیر دەکرێت، بۆیە هەموو مافە ئینسانییەکانی پێشێل دەکرێت. بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری نزمە و ژنانیش بەشێکی زۆریان خۆیان نازانن ئەرك و مافەکانیان چییە. لەلایەکی دیکەوە بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایینیش کێشەی زۆر گەورەی بۆ ژنان دروست کردووە. ئەوانە و چەندین هۆکاری دیکە وایکردووە کۆمەڵگە کاتی زۆری پێویست بێت تاوەکو رێکخراوەکانی بواری مافی ژنان قبووڵ بکات و هاوکارییان بێت. بۆیە رێکخراوەکانی ژنان کەندوکۆسپی زۆر گەورەیان لەبەردەمدایە»، گوتیشی «لەلایەکی دیکەوە حکومەت و یاسا لە کوردستان پابەند کراون بە نەریتی خێڵەکی و عەشایری و کاتێك سەرۆك عەشیرەتێك لە سەرووی یاساوە بڕیار بدات، لەو دۆخەدا رێکخراوەکانی ژنان ناتوانن کاری بەرچاو بکەن، ئەوەی کە کاری ئەو رێکخراوانە زەربی سفر دەکات، ناتوانێت کەسێکی وردبین بێت، چونکە لە کێشەکانی ژن لەناو کۆمەڵگەی پیاوسالار تێنەگەیشتووە.



کۆمەڵناسێک:

**درۆکردن بەبیانووی جیاواز تەڵاق و جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە**

دەروونناسێک:

**درۆی سپی هیچ بنەمایەکی نییەو تەنیا لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا باوی هەیە**

# درۆی سپی لەنێوان هاوسەراندا چ خوێنــ

ژیانی خێزانی بۆ ئەوەی پڕبێت لەکامەرانی، پێویستی بەڕاستگۆییو متمانە بەیەکتریکردنی ئەندامانی خێزان بەگشتی و هاوسەران بەتایبەتی هەیە، بەڵام هەندێك جار هاوسەران بە بیانووی ئەوەی شیرازەی خێزانییان مکومتر بکەن، پەنا بۆ درۆی سپی دەبەن، کە زۆرجار دوای ئاشکرابوونی درۆیەکە، ستوونی متمانەی نێوانیان لەرزۆك دەبێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش راوسەرنجی خۆیان لەبارەی رووی ئەرێنی و نەرێنی درۆی سپی بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

**درۆی رەش و سپی هاوسەرەکەمی بەرەوە هەڵدێر برد**

سازان کەمال، فەرمانبەرە لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە سەبارەت بە درۆکردن، کۆمەڵگە بە تاوانبار دەزانێت و رای وایە «مرۆڤەکان لەبنچینەدا درۆزن نین، بەڵام دواتر کۆمەڵگە فێری درۆیان دەکات». سازان جەخت لەوە دەکاتەوە کە درۆکردنی نێوان هاوسەران دەبێتە هۆی رووخانی بنەمای هاوسەرگیری و دەڵێت: «هاوسەرەکەم کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و نموونە بوو، کوڕێکی باش و لەسەرخۆو هێمن بوو، کەسێك بوو خاوەنی هەڵسوکەوتێکی زۆر جوان و رێکوپێك، تاماوەیەکی زۆریش هیچ هەڵەیەکەم لێ نەبینی، بەڵام دوای ماوەیەك لە هاوسەرگیریمان، گواسترایەوە بۆ فەرمانگەیەك، لەم شوێنە تازەیەی کارکردن، بوو بە هاوڕێی چەند کەسێکی خراپ و من زۆر بەجوانی هەستم بەوەدەکرد کە فێری درۆ بووەو هەمیشە درۆی لەگەڵ مندا دەکردو هەتا درەنگانێکی شەو نەدەهاتەوە».

سازان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «تەمەنی درۆ بە ڕەش و سپییەکەیەوە کورتەو شیرازەی ژیانی هاوسەری تێك دەدات»، هاوسەرەکەی خۆیشی وەك نموونەیەك دەهێنێتەوە کە بەدرۆی رەش و سپی «بەرەوە هەڵدێر» رۆیشتووە.

**شتێك نییە بە ناوی درۆی سپی و هەموو درۆیەك هەر ڕەشە**

شنۆ کەمال، تەمەنی (٤٥) ساڵەو هەر سەبارەت بە درۆکردنی نێوان هاوسەران دەڵێت: «من زۆرم رق لەو پیاوانەیە کە درۆ لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن، بەهەمان شێوە رقم لەو ژنانەشە کە درۆ لەگەڵ مێردەکەیاندا دەکەن، بەڕای من لێخۆشبوون لەدرۆکردن مەحاڵە، من و هاوسەرەکەم لەیەکەم رۆژی چوونمان بۆناو پرۆسەی هاوسەرگیری، بڕیارماندا لەگەڵ یەکتر راستگۆ بین، تاوەکو ژیانێکی بەختەوەرمان هەبێت». جەختی لەوەش کردەوە کە شتێك نییە بەناوی درۆی سپی و هەموو درۆیەك هەر ڕەشە.

بەڵام هێرۆ سەعدی ئەحمەد رای پێچەوانەی هەیەو بڕوای وایە «بەر لەهەموو شتێك پێویستە لەنێوان ژنو پیاودا گیانی لێبوردەیی لەسەر مەسەلەی درۆکردن هەبێت»، گوتیشی «من وەك کەسایەتیی خۆم باوەڕم بەدرۆی سپی یان درۆی سووك هەیە، چونکە زۆرجار بەدرۆیەکی لەو جۆرە لە کێشەیەك ڕزگارت دەبێت، لەبەر ئەوەی ژیانی ژن و مێردایەتی هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە، بێگومان بە ناچاری درۆکردن هەر ڕوودەدات، بەتایبەتی لە لایەن پیاوانەوە، بۆیە ئەگەر لەگەڵ یەکدی لێبوردە نەبین، ئەوا ناتوانین بەئاسودەیی بژین». وەك خۆی باسیکرد، هەر لەسەرەتای ساڵانی چوونە ناو ژیانی هاوسەرییەوە، چوار پێنج جار «درۆی سپی» لە هاوسەرەکەی بیستووە، بەڵام لێی خۆش بووە و ئەویش تائێستا هەڵەیەکی وای دووبارە نەکردۆتەوە، بەڵام لەوانەیە هەموو کەسێك وا بیرنەکاتەوەو نەتوانێ کەسێکی لێبوردە بێت.

ئەوەتا سەوسەن عەبدولواحید پێیوایە درۆ هەر درۆیە، درۆی ڕەش بێت یان سپی، بۆیە دەڵێت: «بەداخەوە زۆر کەس لەلای ئێمە درۆ لەگەڵ خێزانەکەیان دەکەن و دەڵێن درۆی سپییە، ئەوە تەنیا خۆ فریودانە، بۆیە من وەکو خۆم هەرگیز ئەو درۆیانە ناکەم، حەزیش ناکەم نە ژن درۆ لەگەڵ مێردەکەی بکات، نە پیاویش درۆ لە گەڵ ژنەکەی بکات».

**درۆی سپی وەکو خوویەك کە زەحمەتە دەستبەردای بن**

هانا عوسمان، توێژەری کۆمەڵایەتییەو ئاماژە



ئافرەتێک:

## تەمەنی درۆ بە ڕەش و سپییەکەیەوە کورتەو شیرازەی ژیانی هاوسەری تێک دەدات

# ـــدنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟

بۆ ئەوە دەکات کە درۆکردنی نێوان هاوسەران بە هۆی دروست نەبوونی متمانەی نێوانیانەو ئـــەوەش وا دەکات کە پەنا بۆ درۆکردن ببەن. گوتیشی «زۆر جار هاوسەران باسی هەموو شـــتێکی ژیانی رابردوویان بۆ یەکدی ناکەن، لەوانەشە لە ژیانی رۆژانەیاندا درۆیەك لەگەڵ یەکدی بکەن و دووبارەشی بکەنەوە، بەڵام ئەوە مەترســـیدارە، چونکە دواتر دەبێت بەخوویەك لەلایانو زەحمەتە دەستبەردای بن».

ئـــەو توێـــژەرە کۆمەڵایەتییە بە پێویســـتی دەزانێت هاوســـەران هەموو شتەکانی خۆیان لە ڕەخنەو گلەیی و کێشـــەکان زۆر بەڕوونی بۆ یەکدی باس بکەن، پێـــش ئەوەی بیرلەوە بکەنـــەوە کە لەگـــەڵ یەکـــدی درۆ بکەن، گوتیشـــی «بێگومان درۆکـــردن لەلایەن ژن یان پیاو، هیچ جیاوازی نییەو لەسەر ژیانیان کاریگەریی خراپ جێدەهێڵێت، بەڵام هاوکات لێبوردەیی لە ژیانی خێزانی زۆر پێویســـتە، بۆیە ئەگەر هەردوو لایان هەســـتیان کرد کە ناتوانن بەسەر گرفتەکانیاندا زاڵ بن و لەسەر شـــاردنەوەی راســـتییەکان لەیەکتر بەردەوام بن، ئەوا باشـــتر وایە جیاببنـــەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیشیان کە پەروەردەی دایكو باوکیان وەردەگرن، لەداهاتـــوودا و لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگە و ژیانی خۆیاندا تووشـــی هەمان کێشە نەبنەوە».

بەبڕوای هانا، کێشەکان لەو کاتەوە دەستپێدەکەن کـــە ژن و مێرد ژیانێك لەســـەربنەمای درۆ دروســـت دەکـــەن و دەڵێت: «ژیانـــی تەواو تەندروســـت لەنێوان ژنو پیاودا، ئەو ژیانەیە لەســـەر بنەمای راســـتگۆیی بونیاد نراوە، راستگۆییش لەچەســـپاندنی خۆشەویستیی نێوان هەردوو کەسەکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر ژیانی خێزانـــی لەهەموو لایەنێکەوە تەواو بێت، بـــەڵام کە درۆکردنـــی لەگەڵدا بوو، ســـەرئەنجامەکەی هەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو خێزانەی لێدەکەوێتـــەوە، ئەگەر ئەمەش لەبـــەر هەندێـــك بەرژەوەنـــدی رووی نەدا، ئـــەوا ژنو مێردەکە ژیانێکـــی لەرزۆك و پڕ لەگرفت بەســـەر دەبەن». هەر درۆکردنیشی بە هۆکارێك زانی بۆ زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران و گوتی «زۆر جار بەهـــۆی ئەوەی کە ژن و مێـــرد بە بیانووی جیاوازەوە درۆ لەگەڵ یەك دەکەن، شـــیرازەی ژیانی هاوســـەرییان تێکدەچێـــت و تەڵاق و جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە».

### لای هەندێ کەس درۆکردن بووەتە پیشە

توێژەرانـــی دەروونی پێیانوایـــە درۆکردن بەر لەهەموو شتێك (نەخۆشییەکی دەرکی وونی) یـــە، وەك ئاماژەی پێدەکـــەن، هەندێك کەس بەبێ ئەوەی هیچ فشـــارێکیان لەسەر بێت، بەردەوام درۆیەك دروست دەکەن.

هاوار کەریم، وەك دەروونناســـێك ســـەبارەت بە چەمکـــی درۆکردن دەڵێـــت: «بەداخەوە درۆکردن یەکێکە لە گرفتە دەروونییەکان، زۆر کەس درۆکردنیان کردۆتە پیشـــە و نازانن کە بەدرۆکردن گرفتی زیاتر دروست دەکەن، درۆ لـــە بنچینەدا بریتییە لە هەســـتێکی وەهمی کـــە وات لێدەکات شـــتێك بڵێیت کـــە دوورە لەڕاستییەوە، زۆرجار مرۆڤ هەیە درۆکردنی کردووەتە پیشە و درۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکات، تەنانەت لە درۆکردندا ژن و منداڵەکانیشـــی بێبەش ناکات».

ئەو دەروونناسە نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە زۆر جار باوك، یان سەرپەرشتی خێزان، بەڵێنێك بە هاوسەر و منداڵەکانی دەدات، بەڵام جێبەجێی ناکات، ئەوەشـــی خســـتە خانەی درۆکردن و سەبارەت بەدرۆی ســـپیش گوتی «بەداخەوە لە کۆمەڵگـــەی دواکەوتوو زۆر درۆ هەیە بە درۆی سپی هەژمار دەکرێ، کە ئەوە شتێکی ناواقعییەو دوورە لە هەموو بەها مرۆییەکان، چونکە درۆی ســـپی هیچ بنەمایەکی نییەو تەنیا لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا باوی هەیە، بەداخـــەوە کۆمەڵگـــەی رۆژهەڵاتی ئەوەیان بەرهەمهێنـــاوەو ناویان ناوە درۆی ســـپی». ئەو دەروونناســـە بە پرســـیارێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی «گەر ئێمە منداڵی خۆمـــان هەر لەمنداڵییەوە فێری درۆ بکەین، ئیتر دەبێت چی لـــەو کۆمەڵگەیە بکەین کە بەردی بناغەکەی لەســـەر بنەمای درۆکردن دانرابێت؟».




# پرسەی ئافرەتان لەنێوان دڵنەوایی کردن و خۆدەرخستن

**پرسەگێران ڕێوڕەسمێکی کەونارای زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانەو لەو بۆنە ماتەمێنییەدا هەوڵدراوە دڵنەوایی بنەماڵەی کۆچکردوو بکرێت، لەوڵاتانی ئیسلامیش بایەخێکی زیاتر بەو ڕێوڕەسمە دراوە و شوێنی پیاوان و ئافرەتان لە پرسەکەدا جیا کراوەتەوە، لە کوردستانیش هەمان شێواز پەیڕەو**

### لە پرسەی ئافرەتان خوازبێنیش دەکرێ

«بەداخەوە پرسە ئێستا بۆتە شوێنی یەکترناسین و بیروڕاگۆڕینەوەی نێوان ئافرەتان و تەنانەت ئافرەت هەیە وێنەی کچەکانی دەهێنێت و بە ئافرەتانی دیکەی پیشان دەدات بۆ ئەوەی خوازبێنی دروست بێت». سەروین ساڵح وایگوت. ئەو مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و بە خەمبارییەکی زۆرەوە بەمجۆرە باسی پرسەی براکەی بۆ گوڵان دەکات:

«زۆربەداخەوە بەشێکی زۆری ئافرەتانی بەشداربووی پرسەکە، هەر دوای داختنی فاتیحایەك، دەست دەکەن بە قسەو قسەلۆك و غەیبەتکردنی ناسراوەکانی خۆیان، ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت کەسووکاری مردووەکەیە، تەنانەت خەڵك هەیە داوای کیژی یەکتر بۆ کوڕیان دەکەن، هەندێکجاریش وەك بڵێی لە پرسەش نەبن بە دەنگی بەرز پێدەکەنن، ئەوەش ئوسلووبی دڵنەوایی دان نییە».

شادان کەریم، ماوەیەکە باوکی کۆچی دوایی کردووەو راشکاوانە دەڵێت «چەندە لە مردنی باوکم دڵگرانم، ئەوەندەش هەڵسوکەوتی ئافرەتان لە پرسەکە ئازاری داوم، خەڵکی هەیە هیچ حسابێك بۆ خاوەنی مردووەکە ناکەن، پرسەکە دەکەنە بازاڕی خۆیان».

### ئافرەتی قورئان خوێن داوای پارەی خەیاڵی دەکات

لە پرسەکانی ئافرەتان بەپێی نەریتی باو، دەبێت ئافرەتێك قۆرئان بخوێنێت، بەڵام زۆربەی ئەو ئافرەتانەی قورئان دەخوێنن، وەك پیشەیەك لێی دەڕوانن و لە بری کارەکەیان پارە وەردەگرن، ئەوەتا شادان کەریم بە نیگەرانییەوە دەڵێت «زۆربەی ئەو ئافرەتە قورئان خوێنانەی کە دێن بۆ پرسە داوای پارەی خەیاڵی دەکەن، ئافرەتێك لەپرسەکەماندا داوای مەبلەغی هەشت وەرەقە(٨٠٠$)ی بۆ دوو ڕۆژ کرد، کە داوای کەمکردنەوەی نرخەکەمان کرد، هەڕەشەی ئەوەی کرد، گەردنی مردووەکەمان ئازاد ناکات، بەناچاری پارەکەمان دایێ، ئەوە چ جۆرە هەستێك و چ جۆرە نەریتێکی ئینسانە کەبەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی خاوەن پرسەدا بکات».

میقداد وەلی دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری هەولێرەو ئەویش ماوەیەکە باوکی کۆچی دوایی کردووەو بەمجۆرە باسی پرسەی خۆیان دەکات: «من زۆر مەمنوونی خزم و کەس و دراوسێ و هەموو ئەو خەڵکانەم کە لە پرسەی باوکی خوالێخۆشبووم بەشدارییان کرد، بەڕاستی پرسەی پیاوان زۆر بە مەزبووتی بوو، هەموو لایەك بە دڵسۆزی خۆیان لەگەڵ ئێمە ماندوو کرد، خوا خێری هەموویان بداتەوە، بەڵام، هەروەها وەك خۆم بیستوومە لە پرسەی ژنان هەنێك کەموکوڕی هەبووە، بۆ نموونە ئافرەتی قورئان خوێن داوای پارەی خەیاڵی دەکات، بۆ ئەوەش پێویستە یەکێتی زانایانی ئیسلامی سنوورێك بۆ ئەو داخوازییە نەشیاوە دابنێن».

### پیاوانیش زۆرجار پرسەکە دەکەنە مەڵبەندی کاسبی و ململانێی دەوڵەمەندی و خۆهەڵکێشان

هانا عوسمان، توێژەری کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەندێك دیاردەی نامۆ و نادروست لەناو پرسەکاندا هەیە، کە هەندێکیان جێی رامان و تێبینین، ئەو رایوایە پرسەی پیاوانیش کێشەی خۆی هەیەو نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە «زۆر جار پرسەکان دەبنە مەڵبەندی کار و کاسبی و ململانێی و خۆهەڵکێشانی دەوڵەمەندەکان»، سەبارەت بە پرسەی ئافرەتانیش گوتی «بۆ نموونە پرسەی ژنان کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە، گرنگترینیان بوونی ئەو ئافرەتانەیە کە خۆیان کردۆتە شێخ و مامۆستای ئایینی و فتوا دەدەن و باسی زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەکەن، کە زۆربەی دوورە لە ڕاستییەوەو کۆمەڵێك قسەی

**ئافرەتی قورئان خوێن داخوازی نەشیاوی هەیەو داوای پارەی خەیاڵی دەکات**



**دەکرێت، بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە لەپرسەی ئافرەتان زیاتر گرنگی بە خۆدەرخستن و نمایشکردنی خشڵ و زێڕ و لەچك و جوبەی گرانبەها دەدرێت و تەنانەت خوازبێنی کچانیش دەکرێ، کە ئەو کارانە لە کاریگەری دڵنەواییەکانی خێزانی کۆچکردوو کەم دەکاتەوە.**

خەیاڵییە، بۆیە پێویستە کەسانێك لەلایەن یەکێتی زانایان بۆ پرسەی ژنان دەستنیشان بکرێن، کە شارەزای ئایین بن و نرخەکانیشایان گونجاو بێت و ئەرکەکەشیان تەنیا قورئان خویندن بێت، نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆکە ئافرەت هەیە خۆی دەکاتە پزیشك و شێخ و مەلا و بە ئارەزووی خۆی قسەی سەیرو سەمەرە دەکات»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە نمایشکردنی جلوبەرگ و جۆرەها خشڵی گرانبەها لەپرسەی ئافرەتان رایوایە «ئەوانەی ئەو کارەدەکەن ئەو کەسانەن کەکەمترین پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، چونکە پرسە شوێنێکە بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو کەسانە بتوانن بەیەك بگەن و کەسیش ناتوانێت رێگرییان لێبکات، واتا ئەو ئافرەتانەی کە چوونەدەرەوەیان کۆت وبەندی لەسەرە، پەنا بۆ ئەم شێوازە لەهەڵسوکەوت دەبەن».

**کۆمەڵگەی داخراو ژیانی ئافرەتان تەسک دەکاتەوە بۆیە بەناچاری لەپرسەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستدەکەن**

### هاوسەرگیرییەك دایك و باوكان لەبری منداڵیان بڕیار بدەن سەرکەوتوو نابێت

سیستەمی داخراویی کۆمەڵگە وایکردووە (بەخت و نەسیب) کاریگەری زۆری لەسەر هاوسەرگیری هەبێت، بۆیە زۆر جار لە پرسەکاندا ئافرەتان هەوڵی ژنهێنان بۆ کوڕ و کچ بەشوودانی خۆیان دەدەن. بەڵام هانای کۆمەڵناس دەڵێت «هەرگیز زەواجی نێو پرسەکان سەرکەوتوو نابێت، چونکە دایك و باوکان لە بری منداڵەکانیان بڕیار دەدەن، گوتیشی «ئەمڕۆ کۆمەڵگە بەرەوپێشچووەو دەیان شوێنی وەك زانکۆ و پەیمانگەکان و دامودەزگاو تەنانەت مۆڵەکان هەن، چ پێویست دەکات کچان لە پرسەدا خوازبێنی بکرێن وهاوسەرگیری بکەن؟».

### کۆمەڵگەی ئێمە زۆر داخراوە ژیانی ئافرەتانی زۆر تەسك کردۆتەوە

سۆزان عارف چالاکوان و سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، کەموکورییەکانی پرسەی ئافرەتان بۆ «داخراوەیی کۆمەڵگە» دەگەڕێنیتەوە و سەبارەت بە تەشەنەکردنی هاوسەرگیری لە پرسەکانیش دەڵێت «چونکە ئەو بۆنانەی تایبەتە بە گردبوونەوەی ژنان وەك پرسە، هەلێکە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی داخوزای کچان بکرێت، ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر داخراوەو ژیانی ئافرەتانی زۆر تەسك کردۆتەوەو هەموو هەڵسوکەوتەکانی بۆ دەستنیشانکردووە، هەروەها نزمی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری تاکەکان وایکردووە ناچارن لەشوێنێکی وەك پرسەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان برەو پێبدەن».

### «گوناهێکی گەورەیە بازرگانی بە قورئان خوێندنەوە بکرێت»

مامۆستایانی ئایینیش وەك چینێکی گرنگی کۆمەڵگە سەرنج و تێبنی خۆیان سەبارەت بە پرسەی ئافرەتان هەیە. وتەبێژی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان مەلا جەعفەر گوانی، ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان پرسەی پیاوان و ئافرەتاندا هەیە. گوتیشی: بەداخەوە پرسەی ئافرەتان جۆرە بێسەروبەرییەکی تیادایە، بۆ نموونە لەکاتێکدا کە مامۆستاکە قورئان دەخوێنێت، یەکێك لەولاوە خەریکی باسی خەڵکە، یەکێك خەریکی باسی کچ و کوڕ و پیاوەکەیەتی، هیچ ئاگایان لەپرسەکە نییە، واتا جۆرە بێسەروبەرییەك لەناو پرسەدا هەیە، ئەمە بێجگەلەوەی هەندێك خەریکی شین رۆڕۆن کە زۆر دوورە لەنەریتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گوناهیشە.

ئەو مامۆستا ئایینییە داوای پارەکردنی زۆریشی لەلایەن ئافرەتی قورئان خوێن بە کارێکی نادروست ناو برد و گوتیشی «بەداخەوە زۆرجار ئافرەتە قورئان خوێنەکان سوود لەو حاڵەتە دەروونییە تایبەتییەی خاوەنی مردووەکە وەردەگرن و ئافرەت هەیە داوای مەبلەغێکی خەیاڵی دەکات، ئەوەش گوناهێکی گەورەیە بازرگانی بە قورئان خوێندنەوە بکەن».